ستراتێژی "تشکیلاتی" حزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان
بەشی کۆتایی

# "تەشکیلاتی" ناوخۆیی و دەرەوەی حزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان

پاش رووخانی رژیمی پاشایەتی و دەستەڵاتپەیداکردنی کۆماری ئیسلامی، حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران کە رێکخراوێکی تازە بوو، رێکخستنەکانی سیاسی و نیزامی خۆیان خۆرسک و بە بێ بەرنامە لە شارەکانی کوردستان پێک هێنا.

پاش تێکشکانی سەرجەم جولانەوەی نیزامی رۆژهەڵاتی کوردستان لە ساڵی 1982، جارێکی دیکە حزبی دێموکرات ئەمجارە لە گەڵ کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران ، بە پێچەوانەی ساڵانی پاش رووخانی کۆماری کوردستان و جولانەوەی موسەدق بە پێشمەرگە و ماڵ و منداڵیانەوە ئاودیوی کوردستانی عێراق بوون و سەرجەم تەشکیلاتەکەیان راگوێزی ئەو دیوی سنوورەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان کرد. ئەوەش رێک دووبارەکردنەوەی تەجروبەی باشووری کوردستان، پاش هەرەس هێنانی "شۆرش" لە ساڵی 1975 بوو، کە کارەساتی لێ کەوتەوە.
جیاوازی نێوان ئەو دوو" **رەوە** " ئەوە بوو کە هەر کام پەنایان بردە بەر دوژمنی بەشەکەی دیکەی کوردستان. ئەو دوو "**رەوە**" بێ ئاکامە، جەوهەری فکری و سیاسی و تێگەیشتنی حزبەکانی ئەو دوو بەشەی کوردستان، لە خەباتی سیاسی و نەتەوایەتی دەردەخات.

**تاقیکردنەوەی کۆن**

بە پێی مێژوو، حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە رۆژی دروستکردنیەوە،لە 25 گەلاوێژی ساڵی 1324 [16ی سێپتامبری 1946] هەتا ساڵی 2008 ی زایینی، سەرجەم **10 ساڵ** لە ناوخۆی وڵات رێکخراو و رێکخستن و تەشکیلاتیان هەبووە و زیاتر لە نیوسەدە[**50 ساڵ**] ژیانی سیاسی و تەشکیلاتی ئەو حزبە لە دەرەوەی خاک و خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان تێپەڕیوە.
دوورکەوتنەوە لە خەڵک و لە ژیانی رۆژانەی خەڵک، دوورکەوتنەوە لە ئاڵوگۆرەکانی سیاسی ، کۆمەڵایەتی ، فەرهەنگی و ئابوری وڵات و دوورکەوتنەوە لە پرۆسەی ژیانی خەڵک بۆ رابەرانی پێشووی حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، تاقیکردنەوەیەکی تاڵی شەخسی و سیاسی و حزبی بوو، بەڵام هەڵکەندنی بەشی هەرە زۆری پایگای سیاسی و ئینسانی حزبی دێموکرات لە شاروگوندەکانی کوردستان و راگوێستنیان بۆ باشووری کوردستان و هەموو قارەکانی دیکەی جیهان پاش ساڵی 1982، بۆ خەڵکی ناوخۆی کوردستان و بۆ جولانەوەی سیاسی کوردستان و حزبەکان، کارەساتێکی سیاسی و ئینسانی و نەتەوایەتی بوو.

رابەرانی حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پاش رووخانی کۆماری کوردستان و سەردەمی موسەدق، تاقیکردنەوەی مانەوە لە باشووری کوردستان و لە ئوروپایان هەبوو. دوکتور عەبدولرەحمان قاسملو لە نووسراوەکەیدا لە بارەی رابەرایەتی حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، زۆر بە روونی باسی تێکشکانی سیاسی و تەشکیلاتی و چوونیەتی ژیانی سیاسی رابەرایەتی حزب لەو دەورەیەدا دەکات. مەنتقی سیاسی حوکم دەکات کە ئەو تەجروبەیە نەدەبا دووبارە بێتەوە، بەڵام ئەو تەجروبەیە لە پانتایەکی نەتەوەیدا دوبارە کرایەوە و چارەکە سەدەیەکیشی بە سەردا تێپەڕیوە.

**تاقیکردنەوەی نوێ**

بەم جۆرە لە پرۆسەیەکی 25 ساڵەدا، سیمایەکی تازە لە حزبایەتی لە دەرەوەی وڵات پێک هات، کە لە لایەنی جۆربەجۆرەوە پێویستی بە لێکۆڵینەوە و لێدوان هەیە. ئەو" **رەوە**"، بێ بەرنامە دەستی پێکرا و بێ بەرنامەش درێژەی پەیداکرد و هیچ پلان و بەرنامەیەک بۆ دەربازبوون لەو کارەساتە تا ئێستا لە لایەن هیچ گروپ و حزبێکی رۆژهەڵاتی کوردستانەوە نەبیندراوە.
ئەو چەشنە ژیان و خەباتی سیاسییە، بۆتە عادەت و وەک ئەمرێکی عادی لە لایەن هەموو حزبەکانەوە دەنوێندرێ. ئەم چەشنە لە کاری حزبی، وەک فکر لە مێشکی ئەو چەشنە"سیاسی"کارانەدا چەسپاوە، کە گۆڕینی هاسان نایاتە بەرچاو. هەروەها ئەو ژیانە و ئەو چەشنە کاری سیاسی تەشکیلاتی کردنە، "فەرهەنگ"ی تایبەت بە خۆی خوڵقاندووە، کە کارتێکردنەکەی لە بواری کۆمەڵایەتی و سیاسی و ژیانی بنەماڵەکاندا دەبیندرێ و جێگای لێ وردبوونەوەیە.
هەمووی ئەو پارامێترانە مەیدانی تازە بۆ لێکۆڵینەوە و ناسینی خاسیەتەکانی ئەو مهاجرەتە نیشان دەدەن! بە بێ لێکۆڵینەوێکی بەرینی هەموو لایەنەکانی ئەو"رەوە" ، ناکرێ سروشتی مەیدانی سیاسی دوارۆژی ئەو حزبانە لە رۆژهەڵاتی کوردستان دیاری بکرێ.

**تەشکیلاتی ناوخۆ و دەرەوە و کۆماری ئیسلامی**

کاتی خۆی پاش ساڵی 1979 حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کۆمیتەی شارەکانی مەهاباد و بۆکان و سەردەشت و سنە و مەریوان و بانە و ورمێ و کرماشان و سەقزیان پێک هێنا، ئەو کات لە دەرەوەی کوردستان تەشکیلاتێک بەناوی حزبی دێموکرات نەبوو، جگە لە نوێنەرایەتی حزب لە پاریس کە کارێکی زۆر بەجێ بوو.
لە دوای ساڵی 1988 و بە تایبەت دوای تیرۆرکردنی دوکتور عەبدولرەحمان قاسملو، کۆمیتەی حزبی لە وڵات و شارەکانی ئاڵمان و سوئید و ئینگلستان و ئامریکا و کانەدا پێک هێندران.

کۆمیتەی ناوەندی و تەشکیلاتی باشووری کوردستان وەک تەشکیلاتی سەرەکی حزب بە حیساب هاتن و جێگای **نەبووی** تەشکیلاتی شارەکان و ناوچەکانی ناوخۆ، بە تەشکیلاتی دەرەوەی کوردستان پڕ کرایەوە، کە لە ئەندامان و لایەنگران و پێشمەرگەکانی حزب لەو وڵاتانە پێک هاتبوون.

لە گەڵ چۆڵکردنی کوردستان لە لایەن حزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان و پاشەکشەیان بۆ باشووری کوردستان و دەرچوونیان بۆ وڵاتەکانی رۆژئاوایی، کۆماری ئیسلامی و دەزگاکانی دوڵەتی و نادوڵەتی بە نەبوونی حزبەکان و چالاکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و هونەری، لە مەیدانی سیاسی رۆژانەدا، زۆر زوو دەستەڵاتی نیزامی و ئیداریی خۆیان لە کوردستان داسەپاندەوە.
زیاتر لەوە توانییان دەستەڵاتی فکری و دینی و سیاسی خۆشیان بخزێنە ناو مێشکی منداڵ و لاو و ژن و پیاوی کوردەوە، تا ئەو جێگایەی ئەورۆ لە سەحنەی سیاسی کوردستاندا، کۆماری ئیسلامی بە هەموو دەستە و تاقمەکانیانەوە، کوردی وابەستە و"سەربەخۆی-وابەستە" و رێکخراوی سیاسی خۆی هەیە، کە سبەی رۆژێش دەوری خۆیان دەبێ و رەنگە سامناکتر لە دەوری ئەورۆیان لە عێراق بێت.

ئەو حاڵەتە کاری سیاسی لە رۆژهەڵاتی کوردستان زۆر دژوارتر دەکات لەو کاتەی دوکتور عەبدولرەحمانی قاسملو و هەواڵەکانی لە ساڵی 1978 گەڕانەوە بۆ کوردستان، کە ئەو ئاوا باسی ئەو رۆژانە دەکات:

"ئێمە کە هاتینەوە ژمارەیەکی زۆر کەم بووین و لە گەڵ ژمارەیەکی زۆر کەمیش لە خەڵک پەیوەندیمان هەبوو. لە نەتیجەدا زۆر زەعیف بووین، بە تایبەت لاوان زۆربەیان کێشرابوون بۆ لای رێکخراوەکانی دیکە و ئێمە بە راستی درەنگ گەیشتبووینەوە و زۆر لەوانەی دەیانتوانی و دەکرا ئەندامی حیزب بن لە کیسمان چوون."

روون و ئاشکرایە کە ژمارەی ئەندامان و رابەرانی حزبی دێموکرات و ئەوانی تر کە ئێستا لە دەرەوەی سنوورەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان دەژین، زۆر زۆرترە لە ژمارەی ئەو کەسانەی کە لە گەڵ دوکتور هاتنەوە.
ئەوەش روونە کە حزبی دێموکرات و حزبەکانی دی، بە پێچەوانەی ئەو دەم، ئەورۆ تەشکیلاتیان هەیە، بەڵام نەک لە کوردستان، بەڵکو لە وڵاتە ساردو سڕەکانی سکاندیناوی، وڵاتانی ئوروپایی و کانەدا و ئامریکا.
گەڕانەوەی دە دوازدە کەس لە سەردەمی ساڵەکانی 1978 و 79 کارێکی هاسان بوو، بەڵام گەڕانەوەی هەزاران کەس کە لە ناو کولتور و کۆمەڵگاکانی وڵاتانی رۆژئاوادا تەواو گۆڕاون و نەوەی تازەیان لەو وڵاتانە لە پاش خۆیان بەجێ هێشتووە، کارێکی نامومکینە.

ئەوەش روونە کوردستانی سی(30) ساڵ لەوە پێش، تەنیا لە خەیاڵی هەر کام لە ئێمەدا ماوەتەوە و کوردستانی ئەمرۆ بە شار وگوندەکانیەوە کوردستانێکی تەواو جیاوازە.
جڵەوی جوڵانەوی سیاسی ناوخۆی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە دەست هیچکام لە حزبەکانی دەرەوەی سنووری کوردستاندا نییە، بەڵکو لە دەستی ئەو کەسانە دایە کە بە تاک و کۆ خەباتی سیاسی، کۆمەڵایەتی ، فەرهەنگی و مافی مرۆڤ دەکەن و لە جەنگی مان و نەمان لە گەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران دەستەو یەخەن.

کە وایە کوردستانی ئەم سەردەمە هەر ئێستا تەشکیلاتی خۆی لە ناوخۆی وڵات پێک هێناوە یان پێکی دەهێنێ و بە هاتنە پێشی هەر گۆڕانکارییەک، حزبی تازە لە سەر شانی ئەو خەڵکە کە لە ماوەی سی ساڵی رابوردوودا بەربەرەکانی رژیمیان کردووە، پێک دێت.

تەجروبەی ساڵی 1979ی رۆژهەڵاتی کوردستانیش، جگە لەو پرۆسەیە نەبوو. ئەگەر ئەو سەردەمە کۆمەڵەی زەحمەتکێشان و چریکی فەدایی و موجاهید و رێکخراوی دیکە لە کوردستان سەریان هەڵدا، لە دوارۆژێکی نەدووردا ئەو حزبانە پێک دین کە رەنگدانەوەی هێڵە سیاسییەکانی ئەورۆی کوردستان لە ناوخۆی وڵاتن.
کە وایە حزبەکانی رۆژهەڵات، دەبێ **بیر** لە ستراتێژییەکی تەشکیلاتی بکەنەوە کە لە گەڵ بارودۆخی ئەمرۆ و دوا رۆژی رۆژهەڵاتی کوردستاندا بگونجێ، ئەوەش رەنگە "سەرەکی"ترین ئەرکی ئێستایان بێت.

## خاسیەتی تەشکیلاتەکانی دەرەوەی وڵات

پاش تێپەڕبوونی 25 ساڵ، هێشتا نازانرێ ئەو تەشکیلاتانەی کە لە باشووری کوردستان و شوێنی دیکە دروست کراون بۆ چ مەبەستێک و بە پێی کام بەندی ئەساسنامەی ئەو حزبانە پێک هاتوون. خاسییەتەکانی ئەو رێکخراوانە لە فۆرمی ئێستایاندا چییە؟
تەشکیلاتی دەرەوەی حزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، لە سەر بەیس وبنەوانێکی کاری سیاسی و گەیشتن بە ئامانجێکی هاوبەش پێک نەهاتوون. ئەندامان و لایەنگران و پێشمەرگەکانی پێشووی ئەو حزبانە بە پێی ئامانجی هاوبەش لە وڵاتانی جیهان بڵاو نەبوونەتەوە و بە پێی ئامانجی هاوبەشیش لەو حزبانەدا کۆ نەبوونەتەوە، تەنیا پێشینەی سیاسی و ئەندام بوون لەو حزبانە لە ناوخۆی وڵات، هۆی راستەقینەی کۆکردنەوەیان لەو تەشکیلاتانەدا بووە، کە رەنگدانەوەی ئامانجی هاوبەشی ژیانی رۆژانەی هیچکام لەو ئەندامانە لە شوێنی ژیانیان نییە.

کاری تەشکیلاتی و حزبی ئەو ئەندامانە لە پێوەندی لە گەڵ کار و ژیانی رۆژانەیان، کارێکی زیهنی و دوور لە رئالیتەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی ژیان هەرکام لەو کەسانەیە. کاری حزبیش، کارێکی هونەری نییە کە زیهنی بێت، بەڵکو کارێکی عەینیە و دەبێ لە گەڵ رێئالیتەی ژیانی کەسەکاندا بێتەوە. هەر بۆیە سەراتاپای ئەو تەشکیلاتانە لە دەرەوەی وڵات لە زینهی گەرایی مەحزدا خول دەخۆنەوە و جگە لە سازکردنی قەیران و سوورانەوە لە جەغزێکی بێ ئاکامدا، چاوەڕوانی کاری دیکەیان لێ ناکرێ.

بوونی حەوزە و کۆمیتە و تەشکیلاتی ناوخۆی کوردستان لە شار وگوندەکان، جگە لە لایەنی هاوبەشی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و چارەنووسی ئەندامان، ئامانج و داخوازی هاوبەش ئەوانی، لە یەک گرێ دەدا،کە مانای خەبات لە گەڵ رژیم و دام و دەزگاکانی دیاری دەکرد، کە کارێکی ڕێئال بوو، لە کاتێکدا لە دەرەوە وا نییە و ژیانی رۆژانەی ئەو کەسانە هیچ پێوەندییەکی بە خەباتی خەڵکی کورد لە ناوخۆی وڵات، نییە.
تاقیکردنەوەکانیش نیشانی داوە کە بەشی هەرە زۆری ئەو کەسانە، رۆژانە دەرگیری گیروگرفتی ژیانی خۆیانن و لە گەڵ حکومەتی ئێران دەستەویەخە نین و ژیانیان لە مەترسی دا نیە و کێشەی ئازادی و نان و کاریشیان نییە.

زۆر سروشتیە کە لە پرۆسەیەکدا، کاری حزبی لە دەرەوی وڵات بۆ ئەو کەسانە، هیچ مانایەک نەبەخشێ. لەو مەیدانەدا کەسانی زۆر تایبەت دەمێنەوە کە ئەویش ئەو کەسانەن کە لە گەڵ ئیدئالەکانیاندا دەژین، ئەوانەش هەمیشە بەشێکی کەم لە هەر کۆمەڵگایەکن. هەر بۆیە سەرجەم تەشکیلات و رێکخراوەکانی دەرەوەی وڵاتی ئەو حزبانە بە ئەوانەی لە باشووری کوردستانیشن، کەمترین چالاکی سیاسی لە خۆ دەنوێنن.

سەرجەم ئەو تەشکیلاتانە لە دەرەوی وڵات بە رێکخستنەکانی باشووری کوردستانیشەوە، یارمەتی سیاسی و موبارزاتی خەڵک لە ناوخۆی وڵات نادەن.
ژیانی 25 ساڵەی ئەو حزبانە و پارچە پارچە بوونیان راست لێرەوە سەرچاوە دەگرێ. ئەو تەشکیلات و رێکخراوانە بۆ مەبەستی نادیار و واهی و دوور لە واقعی سیاسی و ژیانی ئینسانەکان پێک هاتوون و هیچ بەندێکی ئەساسنامەی ئەو حزبانەش، بوونی ئەو تەشکیلاتە دیاری ناکات.

## ئەندامەتی لە تەشکیلاتی دەرەوەی حزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان

لە ئەساسنامەی هەموو حزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستاندا، ئەرک و مافی ئەندامانی رێکخراوەکە لە پەیوەندی لە گەڵ کاری سیاسی و تەشکیلاتی لە ناو خەڵکدا مانا کراوەتەوە.بەڵام وەختێک لە دەرەوەی وڵات خەڵکێک لە گۆڕێ دانەبێ، ئەرک و مافی ئەو کەسە لەو "حزبەدا" کە ئەویش هەر دوورلە خەڵکە، چییە؟

تەشکیلاتی حزبی دێموکرات و حزبەکانی دیکەی رۆژهەڵاتی کوردستان بە پێی قانوونی کام وڵات، بۆ خەبات بۆ کام خەڵک، لە ئوروپا و ئامریکا و کوێ و کوێ پێک هاتوون؟
کاری تەشکیلاتی حزبێکی رۆژهەڵاتی کوردستان لە کانەداو ئامریکا و سوئێد و ئینگلستان و ئاڵمان و هولەند چییە؟
حەوزەی شارستان و کۆمیتەی ئەو وڵاتانە بە ناوی حزبی دێموکرات یان کۆمەڵە بۆچییە؟
بوونی ئەو تەشکیلاتانە چ بونیادێکی مەنتقی سیاسی و کۆمەڵایەتی و موبارزاتییان هەیە؟
دروستکردنی تەشکیلات لە ئوروپا و ئەمریکا و لە باشووری کوردستان، لە رووی مودیلی تەشکیلاتی داخڵ چ ئامانجێک دەپێکێ؟
تەشکیلاتێک کە پاسیڤیسم بە سەریدا زاڵ بێ، لە سەحنەی سیاسیدا نەبێ،لە ناو خەڵکدا نەبێ، لە سەر خاکی خوی نەبێ، بەرانبەری سیاسی نەبێ، بوونی دەکەوێتە ژێر پرسیار، هەر بۆیە لە ناوخۆیدا بەشوێن بەرانبەری سیاسی دا دەگەڕێ، لە حزبێکی وادا کەسەکان هەمیشە دەبنە دوو بەشەوە، بۆ ئەوەی وجودی خۆیان لە تەشکیلاتەکەدا بسەلمێنن، یان بۆ ئەوەی

وجودی تەشکیلاتەکە بە کیشەکانی خۆیان سابیت بکەن، لە ڕاستیدا ئەندامانی ئەو حزبانە دەبنە زیندانی و دیلی ئەو تەشکیلاتە کە هیچ مەنتقێک بۆ دروستکردنی لە دەرەوەی وڵات نییە.

بە پێی ئەساسنامە، حزب دەبێ لە سەر خاکی کوردستان بێ و تەشکیلاتەکەی کە ئەندامەکانی تێدا کاردەکەن، دەبێ خەڵکی شار وگوندەکان ڕێک بخەن، حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ماوەی 52 ساڵ نە لە سەر خاکی کوردستانە و نە خەڵکی شار و گوندەکان ڕێک دەخات.

حزبێک کە 52 ساڵ، لە ژیانی ڕۆژانە و بارودۆخی نائاسایی خەڵک دوور بێ و لە کار وژیان و خەبات و چەوساندنەوە و کوشتن و زیندان و کوشت و برین لە لایەن دوو ڕژیمی شاهەنشاهی و کۆماری ئیسلامیەوە لە گەڵیان نەبێ، ئەستەمە بتوانێ لە داهاتوودا دەوری خۆی بگێڕێ. ئەوەش تەنیا شاملی بنەماڵەی دێموکرات نابێ و هەموو ئەو حزبانە دەگرێتەوە کە لە دەرەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانن.

ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ماوەی 30 ساڵی ڕابوردودا هێزی فکری و سیاسی خۆی دروست کردوە و هەر ئەوانیش ڕابەرانی ئەمرۆ و دوارۆژی ڕۆژهەڵاتی کوردستانن. ئەو کەسانەی کە ئەمرۆ لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا دەکوژرێن یان ئەشکەنجە دەکرێن یان لە کار و ژیان بێ بەری دەکەرین، بەڵام درێژە بە کارو چالاکی سیاسی و مەدەنی و فەرهەنگی و کاری عیلمی و هونەری دەدن، ئەوان ڕابەرانی ڕاستەقینەی خەڵکن و هەر ئەوانیش حزبی خۆیان پێک دەهێنن.
"حزبەکانی مهاجر" دەتوانن جێگای خۆیان لە ناو خەباتی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، بکەنەوە، ئەگەر هێزەکانی نیزامی و نانیزامیان بکێشنە ناو خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دەزگا و بارگایان لە باشوور کۆکەنەوە و لە جیاتی تەشکیلاتی قەبە و بێکەڵکی دەرەوەی وڵات، دەزگای دیپلۆماسی و زانیاری و ئینفۆرماسیۆن بە شیوەیەکی پرۆفسیۆناڵ پێک بێنن.

## ئەساسنامەی حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و" تەشکیلات"

حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ئەساسنامەی پەسەندکراوی کونگرەی 13، لە مادەی یەکدا ئاوا باس لە حزب دەکات:

مادەی اول: نام و ماهیت حزب
۱ـ نام حزب "حزب دمکرات کردستان ایران" است.
۲ـ حزب دمکرات کردستان ایران حزب پیشرو و انقلابی مردم کردستان ایران است و اقشار و طبقات میهن پرست و آزادیخواه خلق کرد را در صفوف خود متشکل می‌سازد.

* * *

بە پێی ئەم ئەساسنامەیە حزبی دێموکرات حزبێکە کە دەبێ لە جوغرافیایەکی تایبەتدا بە ناوی کوردستانی ئێران کار و تێکۆشانی بۆ وەدیهێنانی ئەو ئامانجانە هەبێ:

### فصل اول

### اهداف کلی

۱ـ حزب دمکرات کردستان ایران حزب پیشرو مردم کردستان ایران است و دوش به دوش نیروهای ترقیخواه سراسر ایران در جهت ایجاد یك سیستم دمکراتیك در ایران و به دست آوردن حق تعیین سرنوشت برای خلق کرد در کردستان ایران مبارزه می‌کند.
۲ـ آرمانهای نهایی حزب دمکرات کردستان ایران ایجاد یك جامعەی دمکراتیك سوسیالیستی است.
۳ـ شعار استراتژیك حزب دمکرات کردستان ایران ایجاد یك سیستم دمکراتیك فدرال درایران و تأمین حقوق ملی خلق کرد در کردستان ایران است.
٤ـ حزب دمکرات کردستان ایران خلقهای تحت ستم ایران را هم پیمانان استراتژیك خود می‌داند و از جنبشهای رهایی بخش آنها در جهت دستیابی به حقوق ملی پشتیبانی می‌کند.
٥ـ پشتیبانی از مبارزەی ملی ـ دمکراتیك خلق کرد در بخشهای دیگر کردستان خط مشی همیشگی حزب دمکرات کردستان ایران است.
٦ـ حزب دمکرات کردستان ایران از مبارزه رهایی بخش خلقهای جهان پشتیبانی می‌نماید و طرفدار صلح و روابط مودتآمیز در میان خلقهای کلیه کشور است.

* * *

لە مادەی یەکەمی ئەساسنامە بەندی 2 دا دەگوترێ کە حزبی دێموکرات، حزبی پێشرەو و شۆڕشگێری خەڵکی کوردستانە و توێژ و چینەکانی نیشتمانپەرست و ئازادیخوای خەڵکی کورد لە نێو ڕیزەکانی خۆیدا ڕێک دەخات.
لە مادەی چوار بەم شێوەیە باس لە ئەرکەکانی ئەندام لە حزبدا دەکرێ:

مادەی چهارم: وظایف عضو حزب:
عضو حزب مؤظف است:
ـ برای تحقق بخشیدن به آرمانهای حزب که در برنامه ذکر شده تلاش نماید
ـ تا آنجا که در توان دارد، در حفظ وحدت سیاسی و تشکیلاتی حزب بکوشد
ـ طبق اساسنامەی حزب از دیسیپلین حزب پیروی کند
ـ در یکی از ارگانهای حزب فعالیت نماید
ـ حافظ اسرار حزب باشد
ـ سطح معلومات سیاسی و اجتماعی خود را ارتقاو دهد
ـ سیاست حزب را به میان تودەهای مردم ببرد و رابطەی حزب با آنها را تقویت نماید و از نظرات و تجارب آنها استفاده کند

کە وایە بە پێی بەرنامە و ئەساسنامەی حزب، ئەو کەسە بە ئەندامی حزب دەناسرێ کە توێژ و چینەکانی ناو کۆمەڵگای کورد لە ناو ریزەکانی حزبدا **رێک بخات** و دەبێ ئەو کەسە لە یەکێک لە شانەکانی حزبدا نە تەنیا بەشدار بێ بەڵکو بۆ وەدیهێنانی ئارمانجەکانی حزب تێبکۆشێ.

بە پێی ئەو ئەساسنامەیە هێچکام لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و هەموو ئەو کەسانەی کە لە دەرەوەی سنوورەکانی کوردستانی ئێران دەژین، ناتوانن ئەندامی حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بن، لە بەر ئەوەی نە بەشداران لە یەکێک لە شانەکان(حوزە)کان و ئورگانەکانی حزب لە ناوخوی وڵات و نە هیچ تێکۆشانێکیان هەیە بۆ رێکخستنی توێژ و چینەکانی کورد لە ناو ریزەکانی حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

ئەو خەڵکەی کە بەرنامە و ئەساسنامەی حزب باسیان لێوە دەکات، لە شار و گوندەکانی کوردستانی ئێران دەژین، ئەو کەسانەش کە دەبێ ئەو خەڵکە لە ناو ریزەکانی حزبدا کۆ بکەنەوە و رێکیان بخەن، لە کۆیە و شارەکانی باشوری کوردستان و سێ قارەی ئوروپا و ئاسیا و ئامریکا و کانەدا دەژین.

**ئەو حزبەی کە دەبێ لە ناو خەڵک بێ، لە دەرەوەی کوردستان و ئێرانە و ئەو تەشکیلاتەی کە دەبێ بۆ خەڵکی کورد دروست بکرێ بۆ خەڵکانی باشوری کوردستان و خەڵکانی ئوروپا و ئامریکا و کانەدا دروست کراوە!!**

حزبی دێموکراتی کوردستان و کۆمەڵەی زەحمەتکێشان بە هەموو لق و پۆپەکانیانەوە و هەموو حزبەکانی دیکەی کوردستانی، هیچ چەشنە تەشکیلاتێکیان لە کوردستان و لە ناو ئێراندا نییە. ئەوەی کە بە ناوی حزبی کوردستانی باس دەکرێن لە لایەنی تەشکیلاتییەوە، کوردستانی نین و جیهانین و لە باشترین حەڵەتدا بەشی دەرەوەی حزبێکن کە لە ناوخوی وڵات وجودی نییە.
لە دیدوبۆچوونی رابەرانی ئەو حزبانەوە، تەشکیلاتی دەرەوەی ئەو حزبانە بە ناوی حزبی سەرەکی دەبیندرێ و دەقبلێندرێ.

**سوود وزیانی تەشکیلاتی دەرەوە**

رەنگە هەر کام لەو حزبانە بە گوێرەی بیروفکریان لە کاری ناو تەشکیلاتەکەیان رازی بن و لە هەر کۆنگرەیەکدا راپۆرتی تەشکیلاتی و تەبلیغاتی خۆیان پێشکەشی خەڵک و ئەندامانیان کردبێ.
بەڵام راستی مێژووی 25 ساڵی رابوردوی ئەو حزبانە ئەوەیە کە:

- حزبەکان دەستکەوتی جیددیان نەبووە، ئەو تەشکیلاتەش کە لە ئەندامان و پێشمەرگەکانیان لە دەرەوەی سنوورەکانی کوردستان پێکیان هێنابوو، هەر چەند ساڵ جارێک دوچاری پارچە پارچەبوون بووە،
- دروستکردنی تەشکیلات لە هەر شار و هەر ناوچەیەکی ئوروپا و قارەکانی دیکە بۆ مەبەستێکی نادیار، حزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانی خستوتە گێژاوی سیاسی و قەیرانی هەمەچەشن و هەمەرەنگی سیاسی، تەشکیلاتی، مەعرفەتی، رەوانی و تاکەکەسی،
- ئەندامان و لایەنگرانی هەموو حزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان نیشتەجێ لە ئوروپا بە یەکەوە لە یەک شار ناتوانن بۆ خۆپیشاندانێک دژی کردەوەکانی کۆماری ئیسلامی 2000 کەس کۆ بکەنەوە،
- ماڵپەرەکانی هەرکام لەو حزبانە لە 5 ساڵی رابوردودا تەنانەت توانای ئەوەیان لە نابیندراوە، کە بە یەکێک لە زمانەکانی ئوروپا بە شێوەی بەردوام و رێک وپێک رووداوەکانی کوردستان بگەیێنە مێدیای ئەو وڵاتانە.
هێندێک لەو ماڵپەرانە 6 مانگ جارێکیش تازە ناکرێنەوە.
- ئەو حزبانە لە زۆر بۆنەدا ناتوانن ئەندامانی خۆیان کە لە تەشکیلاتەکەیاندا کۆیان کردونەتەوە ، ئاکتیف و چالاک بکەن.
- هەموو حزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان کە تەنیا تەشکیلاتی دەرەوەی کوردستانیان هەیە و بەس، نەیانتوانیوە دە کتێب بە زمانەکانی ئورووپی لە سەر رۆژهەڵاتی کوردستان چاپ بکەن.

← هەموو حزبەکان بە یەکەوە ناتوانن ناوی 5 گۆوار یان مانگنامە و ساڵنامە بهێنن کە بە یەکێک یان چەند زمانی بێگانە تایبەت بە وەزعی خەڵکی کوردستان چاپ و بڵاویان کردبێتەوە.
← دەبا ناوی دە کۆنفرانس و سیمینار بهێنن کە لە ماوەی 25 ساڵی رابوردودا بۆ مەسەلەی کورد ئۆرگانیزەیان کردبێ.
← با بێن و بلێن ئەوە هەر هەفتە 15 دەقیقە لە تەلەوزیۆنەکانمان بە زمانی نە کوردی و نەفارسی بەلکوو بە زمانی ئینگلیسی باسی کوردستان بۆ مێدیای ئوروپا دەکەین.
← دروستکردنی کاناڵەکانی تەلەوزیۆنیش ئەوەی نیشان دا کە، ناتوانن دەزگایەکی ئاواش لە ئاستیکی نیوچە حرفەیی دا هەڵسوورێنن.

با دۆستان بێن بلێن کە لە ماوەی 25 ساڵی رابوردودا نە تەنیا ریزەکانی تەشکیلاتی خۆیان رێک خستووە، بەڵکوو لەوە زیاتر هەموو کوردی رۆژهەڵاتی کوردستانیان لە ئوروپا و ئەمریکا و ئوستراليا لە یەک نزیک کردۆتەوە و هەموو کورد لە دەرەوەی وڵات بۆ یەک مەبەست کار دەکەن.
حزبەکان نە تەنیا ئەو کارەیان نەکردوە بەڵکو حەول و تەقەلای کەسانی دەرەوەی حزبەکانیشیان لە رێگای ئەو تەشکیلاتانەوە کە هەیانە، پووچەڵ کردۆتەوە.

باس کردن لەو ئاکامە بۆ ئەوە نییە، حزبەکان پێیان وابێ کەسێک بێ بەزەییانە"خەبات"ی ئەوان بێ نرخ و بێ قیمەت دەکات؟ بە پێچەوانەوە نووسەری ئەم دێڕانە دڵی پڕلە ژان و دەرد و ئەلەمە، کاتێک بەشێکی بچووک لەو راستییانە دەهێنێتە سەر کاغەز.
لە ماوەی 25 ساڵی رابوردودا هیچکام لەو حزبانە گوێیان نەداتەوە قسەی کەس. سەردەمێک پیرانی بە ئەمەگ و باوەفای وەک دوکتور محەممەد موکری و سارمەدینی سادق وەزیری و کەسانی دیکەش بیر وباوەری خۆیان بۆ ئەو حزبانە دەنووسی، بەڵام کەس گوێی لە قسەی ئەوانە رانەدەگرت کە تاقیکردنەوەی زۆریان لەو بوارانەدا هەبوو.

فەرهەنگی ناو حزبەکانی ئێمە، ئاوایە کە گوێ لە کەس ڕانگرن و هەر رەخنە و پێشنیارێک بۆ باشترکردنی کارەکانیان بە بێ ریزی بە خۆیان و شەهیدەکانیان دەزانن. یەکێک لە هۆیەکانی پارچەپارچە بوونیشیان هەر ئەوەیە کە گوێ لە یەکتریش ڕاناگرن.

با دۆستان لە هەموو حزبەکان وای دابنێنن کە نووسەری ئەم دێڕانە و دەیان کەسی دیکە کە بەم چەشنە باس دەکەن، لە جیهانێکی زینهی و دوور لە راستییەوە دەدوێن، با وابێ و با ئەو بەڕێزانە بیلانی کاری 25 ساڵی رابوردوی تەشکیلاتەکانیان لە دەروەی کوردوستان هەر لە کویە و زرگوێزەکانەوە هەتا ئوروپا و کانەدا و ئامریکا و باقی شوێنەکانی جیهان بخەنە بەر چاوی خەڵک.

من پێم وایە ئەوەی حزبەکان بەناوی تەشکیلاتی باشووری کوردستان و کۆمیتە و تەشکیلاتەکانی ئوروپا و سکاندیناوی و کانەدا و ئامریکا و شوێنەکانی دیکە سازیان کردوون، بێ کەلکن و هیچ بوونێکی قانوونییان بە پێی ئەساسنامەکانی خۆیان نییە و نە تەنیا زیانی لە حزبەکانی خەیاڵی خۆیان داوە، بەڵکو وزەی هەموو ئەو کەسانەش بە فیرۆ رۆیشتووە جگە لە ملیۆن ملیۆن زیانی مادی.

**حزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بەر لە هەر شتێک ئاوڕێک لە بەرنامە و ئەساسنامەی خۆیان بدەنەوە و بزانن باسی چی دەکەن و تەشکیلاتیان لە کوێ سازکردووە.**

ئەگەر ئەوەیان رۆشن کردەوە ئەوجا دەتوانن باس لەوە بکەن کە چۆن لە هێزو و وزەی کەسەکانیان کەڵک وەربگرن.
بە هەر تەحلیل و لێکدانەوەیەک بگەن، نابێ دەزگا و ئورگانگەلێک دروست بکەن کە ئەندامەکانیان یان کەسەکانیان لەو تەشکیلاتانەدا، زیندانی بکەن و هێزوتوانایان بە فیرۆ بدەن.
هیچ حزبێک چ کورد و چ نە کورد لە دەرەوەی وڵاتی خۆی پێویستی بە تەشکیلاتی لەو چەشنە نییە.

حزبەکان لە دەرەوەی وڵات دەبێ کاری دیپلۆماسی و لۆبی سیاسی و کاری پرۆفسیۆناڵ لە زەمینەگەلی جیاوازدا، لە وانە کاری ئیقتسادی بکەن و کاری پرۆفسیۆناڵی مێدیا بکەن لە شێوەی ئیستانداردی جیهانی و ئوروپی. بۆ ئەنجامدانی هەرکام لەو کارانەش دەزگای تایبەتی ئیستاندارد و کەسی پسپۆریان دەوێ.

حزبەکان بەر لە هەرشت دەبێ گرێ جیددییەکانی ئەساسنامەکەیان جێ بە جێ بکەن، کە بوونی هەموو تەشکیلاتەکەیان دەخاتە ژێر پرسیار. ئەوەی حزبەکان بە ناوی تەشکیلاتی حزبەکەیان بە خۆیان و بە خەڵکی دەفرۆشن تەشکیلاتی

دەرەوەی کوردستانە. دەبێ بە شوێن تەشکیلاتی ئەسڵی و سەرەکی خۆیاندا بگەڕێن و پەیدای بەکەن و پاش ئەوە بیر لە دەزگاکانی دەرەوەی کوردستان بکەنەوە.

**حزبەکان ئەگەر حزبی رۆژهەڵاتی کوردستان بن لە دەرەوەی وڵات دەزگای سیاسی و راگەیاندن و دیپلۆماسیان گەرەکە، نە شانە و سەر شانە بۆ رێکخستنی ئینشعابەکانی داهاتوو.**

**تێبینی:** ئەو کتێبە وەک زنجیرە وتار، لە دوازدە بەش پێک هاتووە کە لێرەدا تەنیا 9 بەشی بڵاو دەکرێتەوە.

کۆتایی